**دیوارمان کورته یان تێگەیشتنمان؟!**

نەدەبوو یەک کەسمان لێ بکوژرێ، نەدەبوو مەلای سەفەویی بگاتە ئەو ئاستەی هەم بۆمبارانمان بکات و هەم لە سێدارەمان بدات. نەدەبوو حکوومەتێکی دۆڕاو کە لە هیچ شوێنی جیهان قسەی بڕ ناکا، بتوانێ لە سولەیمانی و هەولێر، کۆیلەی خێڕی تر لە بەسرەی هەبێ. دەبێ سووچ لە خۆماندا ببینینەوە، کە خۆمان خۆمان بەو ڕۆژە گەیاندووە.

سەردەمێک مەلای سەفەوی خەونی بەوەوە دەبینێ بتوانێ لە کوردستان پیاسە بکات و وەبەر شەقی منداڵان نەکەوێ، ئێستا چی گۆڕدراوە کە ئەو دەتوانێ سنوور ببەزێنێ و بۆمب بە سەری ئێمەدا ببارێنێ؟ دەبێ گۆڕان لە ئێمەدا ڕووی دابێ، دەبێ ئێمە خۆمان نەمابیین، دەنا بۆ دەبوو ڕامین و زانیار و لوقمان و فەرزاد و شیرین و شێرکۆ و شوانە و دەیان و سەدانی ترمان هەڵواسرێن وسوهەیلاکان لە خوێن بگوزێندرێن! چی لە ئێمەدا گۆڕاوە؟ چی لەواندا گۆڕاوە؟

گەر چەکمان لە شانە دەبا هەتا ناو دڵی تاران بەکاری بهێنیین، گەر قەڵەممان لە دەستە دەبا بە چاوی هەرکەسێکی دابکەین کە چاوی بە کورد و کوردستان هەڵنایات. گەر زمانمان هەیە دەبا بە یەک دەنگ لە هەر شوێنێکی جیهان بەکاری بهێنیین. دەبا هەولێر و سولەیمانی و هەموو ئەو خوێڕیانەی بە ناوی کورد کورد بە بەغدا و تاران و ئانکارا و هەر مەزادخانەیەکی جیهان دەفرۆشن، وڵام بدەنەوە. گەر ناتوانن سەروەری خاکی کوردستان بپارێزن، گەر ناتوانن لە بەیانەکانیاندا دەنگ هەڵبڕن، بارکەن بڕۆن، با خەڵکی ئەم خاکە خۆیان، خۆیان لە ژێر ملکەچی دەرکێشن و سەروەری بۆ خۆیان بگەڕێنەوە!

ئەوانەی کە بوونەتە سەفیر و وەکیل و نانخۆری بەغدا و ئانکارا و تاران و دمێشق، دەتوانن هەڵبژێرن، یان واز لە کوردبوونی خۆیان بهێنن و بچن لە ئاخوڕی ئەواندا بلەوڕن، یان واز لەوان بهێنن و دڕویەک لە قەلبی زامداری ئەو خەڵکە دەرکێشن.

پەنجا میلیۆن کورد دەتوانن ئەو جیهانە سەروژێر کەن، دەتوانن سەرانی بێ کیفایەتی ئەم جیهانە وەزاڵە خەن. دە ملیۆن کوردی ڕۆژهەڵات دەتوانن ژیانی تاران و ئیسفەهان و مەشهەد و کوێ کوێ تێکدەن، دەتوانن هەمان مامەڵە لە گەڵ مۆرەکانی حکوومەت و دام دەزگاکانیان بکەن، کە ئەوان دووهەزار و پێنجسەد ساڵ لەوە پێش بە سەر موغەکانی کوردیان هێنا. دە ملیۆن کورد دەتوانن دەنگیان هەبێ، ڕەنگیان هەبێ!

ئێمە جێگا و شوێنی خۆمان دۆڕاندووە، ئێمە لە شوێنی خۆمان نیین، دەنا پارسەکان هەر لە توخم و تەرەکەی ڕەزا میرپەنجن، کە شەو تابەیانی لە ترسی گیان لە کوردستان خەوی لێنەکەوت.

لە کۆیە و زڕگوێزەوە ناتوانن کوردستان ڕزگار بکەن، لە ئووروپاشەوە کوردستان ڕزگار نابێ، کوردستان لە ناوەوە ڕزگار دەبێ، دەبێ ئەو وڵاتە لە "عەجەم" پاک کرێتەوە، ئەوە قسەی باب و باپیرانی هەمووومان بووە، کە لە بیرمان کردووە.

ڕێگای کوردستان خەباتی لوکس و تێگەیشتنی لوکسی تاران و ئیسفەهان و کۆڵانەکانی ئووروپا نییە. خەباتی ئێمەی کورد نەخوازراو بە ناو هەموو کۆڵان و تاکتیکەکانی سیاسی و ناسیاسیدا دەڕاو.

هەر حزبێک، هەر گرووپێک کە لەوە دەگەڕێ لە تاران فیدرالیسم دابمەزرێنێ، دەبا بڕوا هەر لەوێ حزبەکەی دابمەزرێنێ و واز لە کورد بهێنێ! کوردستان ئەو حزبانەی دەوێ کە حزبی کورد و کوردستانییەکان بن.

ئێمە تەنیا بۆ کارەسات و تراژێدی و ڕۆڕۆکردن و پاڕانەوە و دەست درێژکردن بۆ لای ئەم ئەو لە دایک نەبووین. لە سەر ئەم خاکە نیشتەجێ بووین بۆ ئەوەی سەروەری و ئازادی و ژیانمان هەبێ. ئایا تێگەیشتن و ڕێگای ئێمە بەرەو ژیان دەمانبا، یان بەرەو مەرگ و کارەسات و تراژێدی؟

گەر ڕێگا و تێگەیشتمان چەوت و زیانبارە، گەر سیاسەت و ستراتێژی و فەرهەنگی سیاسیمان، تەرسەیە، گەر فەرهەنگی لە گەڵ یەکتربوونمان گەوجانە و ناشارستانیانە و زیانبەخشە، گەر داب و نەریت و ئەخلاق و ڕەوشتمان زیانبەخشە، گەر باوەڕی ئایینی و مەسلەکی و گرووپیمان، بێکەڵکە، گەر کوردبوونمان و تێگەیشتن لە خۆمان چەوتە، دەبا بیگۆڕین، دەبا گۆڕان لە خۆمانەوە دەست پێبکەین.

دەبا خۆمان خاوەنی خۆمان بیین و کۆتایی بە تراژێدییەکانمان بهێنیین. هیچکەس جگە لە کورد ناتوانێ کورد ڕزگار بکا. دەبێ لەوە تێگەیشتبێتین!

برایم فەڕشی
٢٠١٨/٩/٨